**ڕەشئەسمەرم... هێمن بەرزنجی**

ئەم شێعرە پێشکەشە بەشادە ی هاو زانستگەم: ئەو مرۆڤەییەکەم جار گوتی (بەعدە تەفاهوم، زەواج موباشیر) چونکە باوەڕم بە عیشق نییە، کوڕان هەموودرۆزنن.

فریوت دام بەنیگای چاوی ڕەشت..
ڕەشئەسمەرم.. !!
ئێستا دەڵێی: من بڕوام بەئەوین نییە..
خودایە داد بۆکێ بەرم.
دڵم دایتی هەتاوەکوهێلانەی خۆشەویستی خۆت..
لەنێویدا بنەخشێنی.
کەچی نەتهێشت گوڵی نۆ بەهاری ژینم سەردەربێنی..
دەمرەنجێنی.
یانی: گوڵم دەمگریەنی.
ڕەشئەسمەرم.. !!
خۆمن گوتم:-
بێلەتۆ ئارامناگرم.
گەر بێت و..
ڕۆژێ نەتبینم وەختەبمرم.
توخووا، کچی..
مەڵی من بۆ خوێندن هاتووم.
خۆمنیش وەك تۆ خوێند كارم.
بەڵام بەمەکری نیگای تۆ..
گرفتارم.

مەکر: حیلە – فێڵ
*خوێنەرانی ئازیز دەتوانن سەرجەمی دیوانە شێعری (دکتۆرای ئەوین) کە یەکەمین دیوانە شێعری نووسەرە لە وێبلاگی:
http://www.hemnbarznji.blogfa.com/ دا بخوێننەوە.
*لە ئایندەیەکی نزیکدا هەموو کتێبەکانی نووسەر کە 35 کتێبە لەماڵپەری تایبەتی و... گشتیشدا بڵاو دەکرێتەوە.